# ئاكرێ

## هێشتا كێشەی هاوڵاتیان چارەسەر نەكراوە

**هاولاتییەك**"خەڵک هیچ هیوایەکی بەم دەسەڵاتە نەماوە"

ڕاپۆرتی ڤیندار زیباری - ئاكرێ



دوای چەند مانگێك لە خوپیشاندانەكەی شاری ئاكرێ كە بۆ دەربڕینی بێزاری بەهۆی كەمی بەنزین لەم شارە، تا ئیستا هیچ هەوڵێكی وا نەدراوە بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە، لە كاتێكدا ئەم كێشەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیاد بوندایە، ئەم وەزعەش خەلكەكەی تەواو توڕە و بێزار كردووە..

( ئەحمەد ڕەسوڵ) كە یەكێك بووە لەو بەشداربوانەی ئەو خۆپیشاندانە كە وتی"ئێمە كە خۆپیشاندانمان كرد بە تەمای ئەوە نەبوین كە دەسەڵات گوێڕایەڵی داواكاریەكانی ئێمە بێت چونكە ئێمە ئەزانین كە هەر پیاوانی ئەو دەسەڵاتە بوون كە ئەم كێشەیەیان قووڵ كردەوە بە هۆی دزینی بەنزین و فرۆشتنی بۆ خۆیان، هەر ئەمەش بوو كە بووە هۆی توڕە بوون و بێزاری خەڵك بە شێوەیەك كە بە توندی ڕووبەڕوی بەنزینخانەكان ببنەوە و بیان سوتێنن..

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە خەڵكەكە هیچ هیوایەكی بەم دەسەڵاتە نەماوە كە بتوانێت كێشەكانی چارەسەر بكات"

بەڵام (عبدوڵڵا محمد) گلەیی لە هاولاتیان كرد و وتی"ئەم قەیرانەی كە تووشی وولاتەكەمان بووە دەگەڕێتەوە بۆ خەڵكەكە، چونكە بێ دەنگی ئێمە بەرامبەر بە هەڵەكانی دەسەلات كێشەكانی قووڵتر و گەورەتر كردووە، بە شێوەیەك كە كۆمەڵە كەسێك سامانی

ئەم ولاتەیان بۆ خۆیان قۆرخ کردووە بە بێ ئەوەی کەس ڕێیان لێ بگرێت"

عەبدوللا وتی"هەر کاتێک میللەت بیەوێ بە خۆشی بژی ئەوا دەبێت خۆی هەولی بە دەستهێنانی ئەم خۆشییە بدات چونکە ئازادی وخۆشی نا بە خشرێت بەڵکو ئەسێنرێت"

یەکێك لەو کەسانەی زیندانی کرابوو بەتۆمەتی بەشداریکردنی لە خۆپیشاندانەکە دەڵێت: لە ڕاستیدا من خۆم بەشداریم لەخوپیشاندانەکە نەکرد بەڵام هەر گیرام و زیندانی کرام ، زیندانی کردنەکەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری سیاسی کە من خۆم لایەنێکم کە لەگەل دەسەلاتدا نیە و خوپیشاندانەکە بیانویەك بوو بۆ گرتنی من و چەندین کەسی تر، هەر ئەوەش بوو کە بووە هۆکاری مانەوەم لە زیندان بۆ چەندین مانگ.

(سلێمان حەمید) وتی"کە هۆکاری سەرەکی ئەم خۆپیشاندانەی کە لە ئاکرێ کرا بەهۆی کۆنترۆڵکردنی بەنزینخانەکانی شارەوە بوو لەلایەن (دەراز ئاغا) و چەند بەرپرسێکی حزبی لەم شارە، لە کاتێکدا خەڵکەکە هەمووی چاوەڕێی ئەوە بوون کە بەنزین وەربگرن لە بەنزینخانە ، خاوەنی بەنزینخانەکە وتی بەنزین نەماوە ، دەستی کرد بە دەرکردنی شوفێرەکان، بە مەرجێك کە خەلکەکە دەیزانی کە بەنزین هەیە، مەبەستی خاوەنەکەشی ئەوە بوو کە بەنزین گران بکات، ئەویش بە پشت بەستن بە هێز و دەسەلاتی هەندێ بەرپرس کە خۆی دەکاتە خزمی یەکێك لە بەرپرسەکانی سەرکردایەتی حیزبی دەسەلات، لە و کاتەدا خەلکەکە تەقیەوە و دەستی کرد بەسوتاندنی بەنزینخانەکە و هێرشی بردە سەر بەنزینخانەی بەرامبەر و دەستی کرد بە لێدانی پیاوانی ئاسایش و پۆلیس، بۆیە دەڵێم کە خوپیشاندانەکە دەرەنجامی تورەیی و بێزاری خەلك بوو، وەهیچ لایەنێك دەستی تیا نەبوو.

لەگەل ئەوەی کە زۆرێك لە هاولاتیان لەگەڵ ئەوەن کە دەسەلات تاوانبارە لەم مەسەلەیەدا، بەلام لەگەل ئەوەشدا هەندێ کەس هەن کە بەرگری لە دەسلات دەکەن وخەلکەکە تاوانبار دەکەن.

(ڕەزوان ئەحمەد) دەڵێت" هەندێ لایەن لە پشت ئەم کارەوە بوون بۆ ئەوەی بارودۆخی شارەکە تێك بدەن و دەسەلات ناشیرین بکەن" ئەو وتی"لە کاتێکدا هەموومان دەزانین کە کێشەی سووتەمەنی هەموو عیراقی گرتووتەوە و کەسیش ناتوانێت بەتەنیا ئەم کێشەیە چارەسەر بکات.. بۆیە من دەڵێم ئەم کارەی کە لەشاری ئاکرێ ڕوویدا دەستی ناحەزانی ئەم میللەتەی تێدا بوو"

ئەو وتی"من خەلکەکە بەنەزان دەزانم چونکە بەدوای هەندێ کەس کەوتوون کە دەیانەوێ بارودۆخی ئەم ولاتە تێکبدەن ئەویش بەقۆستنەوەی چەند کێشەیەك بۆ گەیشتن بەم ئامانجە"

لەگەڵ ئەم بۆچونانەدا خەلکێك هەبوون کە پشتگیریان لە خۆپیشاندانەکە کرد، بەلام دژی ئەم شێوازە بوون کە خوپیشاندەران گرتیانە بەر.

(ڕزگار تەها) وتی"من خۆم لەگەڵ ئەوەم کە خەلك داوای مافی خۆی بکات بەلام نەك بەو شێوازەی کە لە ئاکرێ بینیمان چونکە توندوتیژی هیچ کاتێك نابێتە چارەسەر بۆ کێشەکان بەلکو کێشەکان قوولتر و گەورەتر دەکات، بەلکو بیانوو دەداتە دەسلات بۆ لێدانی خەلك و چەوساندنەوەی بەشێوەیەکی زۆرتر هەروەك بینیمان لە ئاکرێ.

لەگەل ئەوەی ئاکرێ خۆپیشاندانێکی گەورەی بە خۆیەوە بینی لەسەر کەمی سوتەمەنی، بەلام تا ئێستا کێشەی سوتەمەنی لەو شارە چارەسەر نەکراوە.




سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان ئۆفیسی خورمال دووەمین فیستیڤالی گول عەنبەری بۆ شیعر و لێکۆلینەوە سازکرد لە بەرواری (30-2006/3/31) لە هۆلی کراوەی خورمال .

فیستیڤالەکە لە دوو ڕۆژدا بەڕێوەچوو بە بەشداری شاعیران و نووسەرانی (خورمال، هەورامان، شارەزوور) ئەو بابەتانەی کە گەشتنە فیستیڤال لە شیعردا (38) دەقی شیعری و لە لێکۆلینەوەدا (18) لێکۆلینەوە بون .

لە کۆی ئەو (18) لێکۆلینەوە (7) لێکۆلینەوە بەشداری فیستیڤالی کردوو (3)یان خەلاتی فیستیڤالیان وەرگرت کە بریتیبوون لە :

1- م. موسعەب ئەدهەم (چەمکی عەشق لە دیدی عاریفانەوە)

2- م. دلسۆز عومەر (شیکاری هاوکێشەی ژیان و ڕۆشنبیری)

3- م. مەریوان عەلی خوا ڕەحم لە شیعردا لە کۆی ئەو (38) شیعرە (16) دەقیان بەشداری فیستیڤالیان کردوو (3) دەقیان خەلاتی فیستیڤالیان وەرگرت کەئەمانەبوون :

1- م. ڕاستگۆ خورمالی (بێ تۆ پرم لە تۆ و خالیم لە خۆم)

2- ئیمان شارەزووری (سفرەی دلی لە نزا)

3- حاجی تەها (تارای هەورامان)ئەمەو لە ئاهەنگێکی گەرموگوڕدا خەلات بەسەر سەرکەوتواندا دابەشکران ئەوەی شایەنی باسە جەماوەرێکی زۆر و نوێنەری لایەنە سیاسی و ڕێکخراوەکانی لاوان و نوێنەری ئۆفیسی گشتی سەنتەر گەشەپێدان (م. ئەمجەدمحەمەد) ئامادەبوون .